

# ئیسماعیل خەیات

## لە ڕێی دەمامکەکانەوە تارمایی ڕووخسارەکانمان پیشان دەدات

سازدانی: شۆڕش ئەمین



هونەرمەند ئیسماعیل خەیات پێشانگایەکی تایبەتی لە لایەن بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیریو هونەری سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی بۆ کرایەوە.

هونەرمەند ئیسماعیل خەیات، وەك هونەرمەندێکی سەرکەوتوو چالاك لەسەر گۆڕەپانی کوردستانو ناوچەکەو جیهان دەرکەوتووە.

هونەرمەند لە ساڵی 1944 لە شاری خانەقینی لەدایك بووە.

لە ساڵی 1965 بووە بە ئەندامی کۆمەڵەی شێوەکارانی عێراق.

لە ساڵی 1966 خانەی مامۆستایانی بەعقوبەی تەواو کردووە.

لە ساڵی 1980 بووە بە ئەندامی کۆمەڵەی شێوەکارانی جیهان.

ئەم پێشانگایەی هونەرمەند کە زیاتر لە 50 تابلۆی لە شێوەی دەمامکدا بە تەوێڵی جۆراو جۆری مرۆڤ پێشکەش کردووە کە ئەمەش شێوازێکی دیکەی کار کردنی ئەم هونەرمەندەیە.

هونەرمەند تا ئێستا 29 پێشانگای تایبەتی کردۆتەوەو لە 71 پێشانگای هاوبەشدا بەشداری کردووە.

جگە لەوەی چەندان بەشداری بەرچاوی دیکەی لە بواری کاری هونەریدا پێشکەش کردووە.

# گەلەری مۆزەخانەی سلێمانی

## پێشانگای شەنگوڵی لە باوەش گرت

پ- سلێمانی



لە ڕۆژی 15 / 3 / 2002 و ڕۆژانی دوایی، گەلەری زاموا، پێشانگایەکی تایبەتی بۆ هونەرمەند (شەنگوڵ حەسیب قادر) کردەوە.

هونەرمەند لە ساڵی 1963 لە شاری کەرکوك لەدایك بووە. ئێستا بەردەوامە لە کاری هونەری لەسەر ئاستی عێراقو وڵاتە عەرەبییەکانو سەرپەرشتیاری پەروەردەییە لە پەروەردەی شاری کەرکوك. ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی عێراقە. ئەندامی کۆمەڵەی شێوەکارانی عێراقە- ئەندامی سەندیکای مامۆستایانی عێراقە- ئەندامی یەکگرتووی شێوەکارانی ئوردونە- ئەندامی کۆمەڵەی گەشتو گوزارە. هەروەها، بەشداری کردووە لە فستیڤاڵی بابلی نێودەوڵەتی لە ساڵی 1995 تا 2001 بەشداری کردووە لە فستیڤاڵی بەهاری 1999دا پێشانگای تایبەتی بۆ ساز کراوە لە ناوەندی مەلەکی لە عەممان پایتەختی ئوردون لە ساڵی 1999 2000 .

ئەم پێشانگایەشی کە لە لایەن گەلەری زامواوە کرابۆوە، چەندان تابلۆی جۆراو جۆری لەخۆ گرتبوو.

# فستیڤاڵی شانۆی ئەمساڵ

## دەبێتە فستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی

بەڕێز عەبدولی حەمە جوان، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری سلێمانی لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە سلێمانی وتی:

ساڵی 2002 لە یادی ڕۆژی شانۆی جیهانیدا، دوو گروپی کوردستانی ئەو دیو بەشدارییان کرد لەگەڵماندا، ئێمەش لە دوو میهرەجانی شانۆیی کوردستانی ئەو دیودا بەشداریمان کرد، کە توانایەکی باشی شانۆییان لەسەر دەستی ئەکتەرو دەرهێنەرەکانی شاری سلێمانی بینی، کە ئەمە جێگای سەرەنجی زۆربەی بینەرانی شانۆییەکانمان بوو. زۆر ڕێزمان لێ گیرا، کە توانیمان ئەو ئاستە بەرزە لە شانۆ پێشکەش بکەین. ئەمساڵ کە لە شاری سلێمانی هەشتەمین فستیڤاڵی شانۆیی پێشکەش دەکرێ لە یادی ڕۆژی شانۆی جیهانیدا، هونەرمەندانی کوردستانی ئەودیو بە ڕێژەیەکی زۆرتر بەشداری دەکەن، هەروەها دوو تیپی شانۆیی لە شاری هەولێرەوە دێنو بەشداری دەکەن، تیپێکی شانۆیی شاری کەرکوکیش بەشداری دەکات، جگە لەمانە تیپی شانۆیی لە هەردوو کۆماری ئازەربایجانو ئەرمینیاوە بەشداری ئەم فستیڤاڵە دەکەن، دەتوانین بڵێین ئەمساڵ فستیڤاڵەکە سەرتاسەرییەو دەتوانرێ ناو بنرێ بە فستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی. هیواداریین بتوانین لە فستیڤاڵەکانی دیکەدا، وڵاتانێکی زیاتر بەشداری بکەن. ئێمە تەنها ئەوەندە دەڵێین شانۆکانمانو دڵمان کراوەیە بۆ هەموو کەسێ کە بیەوێ بەشداری بکات، دەرگای شانۆکانمان کراوەیە، ئێمە پێشوازی لە هەموان دەکەین. خەونی زۆر گەورەمان هەیە، ئەوەی بیری لێ دەکەینەوە، هەمووی بۆ خزمەتی شانۆی کوردییە.

# شەبەنگ

## لە ئێوارە کۆنسێرتێکی مۆسیقای کلاسیکدا




کاتژمێر 5ی ئێوارەی 2 / 4 / 2002 دەستەی مۆسیقای شەبەنگ لە هۆڵی میدیا چەند شاکارێکی مۆسیقای جیهانی نمایش کرد کە بووە مایەی ڕەزامەندی ئامادەبووان. هونەرمەندان (محەمەد مەجیدو دارا ئەحمەدو ئاراس مەغدیدو فوئاد مامەند) بە کەمانو (ئارام سەردار) بە ڤیۆلا کەمانو (ئەحمەد عەلیو ئەحمەد نورەدینو لوقمان بەکر) بە پیانۆ چەندین شاکاری مۆزارتو شۆپانو باخو ڤیڤالدیو بیتهۆڤنیان پێشکەش بە ئامادەبووان کرد. کۆنسێرتێکی سەرکەوتوو بووە، ئەم تیپە شایانی پشتگیری کار بەدەستانە.

# 50 منداڵ شیعری خۆیان دەخوێننەوە



لە چالاکییەکانی تەلەفزیۆنی ئازادی... کاتژمێر 10/30ی سەر لە بەیانی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 15 / 3 / 2002 کۆڕێك بۆ منداڵان بەناوی (50 منداڵ شیعری خۆیان دەخوێنندەوە لە- باخچەی ڕێگادا- سازدرا... هەر لەم کۆڕەدا چەندین خونچە شاعیرو هونەرمەند کە قوتابخانەکانی: ناوەندی کەرکوك، دوا ناوەندی نانەکەلی کچان، ناوەندی (14)ی تەمموزی کوڕان، ئازادی سەرەتایی تێکەڵاو، قوتابخانە سەرەتایی عیزەددین فەیزی، بەرخودانی سەرەتایی، پیرزین، شێخ سەعیدی پیران.....)ەوە هاتبوون بە بەرهەمی بە پێزو گۆرانی بەجۆش کۆڕەکەیان ڕازاندەوە... شایانی باسە کۆڕەکە لە لایەن مامۆستا (ڕۆستەم باجەلان)ەوە ئامادە کرابوو، خاتو (ڕەوەز عەبدوڵڵا شەریف)یش بەڕێوەی برد... سەرەتا کۆڕگێر وتەیەکی بەناوی خونچە شاعیرەکانەوە خوێندەوەو تیایدا وتی: (بەر لە هەموو شتێك ئێمە دەڵێین حەز لە ئاشتیو هێمنی دەکەین... حەز لە خەونی ئاورشمینی دەکەین.. حەز لە وەرزشو کۆمپیوتەرو زانستو کتێب دەکەین... ئێمە وەکو گەورەکان شەڕخواز نینو لەپێناو بەرژەوەندی خۆماندا وڵاتی بەفرو گوڵو هەمیشە بەهار تەمباران ناکەین... ئێمە دژیشەڕو شۆڕین، ئێمە ئاشتیمان دەوێ چونکە دەزانین بەهۆی ئەوەوە وڵاتەکەمان پێش دەکەوێ...) ئینجا خاتوو ڕەوەزمنداڵە ئامادەبوان ناساند کە ئەمانە بوون: (چیمەن هوشیار، شیرین ڕۆستەم، ڕووداو عەبدوڵڵا شەریف دلڤین دلشاد، کارزان ئیبراهیم سادق، بڕوا حەمەدەمین فایەق، هاوکار سەردار سەلام، ڕەوەند یوسف شوکر، محەمەد دلشاد سابیر، بلند ڕۆستەم، ڕەگەز عەبدوڵڵا، پەری هوشیار هێرش، بڕوا محەمەد حەمەد، دیار عوسمان ئیبراهیم، بژار شوکر عەبدوڵڵا، ئیبراهیم نەشئەت، ڕابەر زیاد قادر، نالی تاهیر عومەر، مەروان عەزیز قادر، بەهێز سابیر عەبدوڵڵا، عوسمان مەلا عەبدوڵڵا قەڵا دزەیی، بەناز سەعید نەجم، دلێر دلشاد حوسێن، بەندە هوشیار سەلام، داوود موئەیەد، وڵات حەمەدەمین فایق حەمەدەمین پەری، هێمن نەشئەت محەمەد، دلزار دلشاد حوسێن، دانا فوئاد، دەوەن زاهیر عەلی، شوان یوسف، نارین ڕۆستەم، ئاکام دلشادسابیر، ئەحمەد شاکر شوکر، خورشید دلێر جەمال، کارزان فەیسەل، دارا مەریوان، زانا عەبدوڵڵا، ڕێباز جەمال محەمەد، ڕێبەر وریا حەوێز، سینان جەلیل، کۆچەر هەمزە، ڕێژین عەبدولواحید ئەحمەد، دلزار محەمەد حەمەد...)

ئەمەو کۆڕەکە نزیکەی (2) کاتژمێری خایاندو لە کۆتاییشدا خەڵاتی تەلەفزیۆنی ئازادی لە لایەن (ڕەوەز عەبدوڵڵا شەریف)ەوە بەسەر منداڵە لێهاتووەکان دابەش کرد.



# کۆمەڵناسی




کۆمەڵناسی وەك بەرهەمێکی بە نرخو شاکارێکی جوانو دەوڵەمەند، کەوتە نێو بازاڕو کتێبخانەی وڵاتەکەمان. ئەم کتێبە کە بەرهەمیی کۆمەڵێك پسپۆڕو بیرمەندو نوسەری ناوداری بیانین لەسەر کۆمەڵناسیو تێزو بابەتە بنچینەییەکانی لەلایەن مامۆستا ڕێبوار سیوەیلی، موسلح ئیروانی، موراد حەکیم، دارا سوبحان، ئەبو بەکر عەلی، دلشاد حەمەو تەحسین تەها وەرگێردراوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی، دیارە بەمەش کاکە سیوەیلیو هاوڕێکانی پردێکی تریشیان لە نێوان زمانو کەلتوری گەلانو کوردەواری دروست کردو هەر بەم کارە جوانەش خزمەتێکی گەورەیان بە زمانو ئەدەبو کەلتوری کوردی گەیاند.

ڕێگای کوردستان
تەلەفۆن: 2220536
WWW.iraqcp.org
E-MAIL: Iraqicp.Org/regay
پۆستی ئەلیکترۆنی:
REGAY_KURDISTAN@HOTMAIL.COM
خاوەنی ئیمتیاز: کەمال شاکر
سەرنووسەر: محەمەد ئەحمەد ئامێدی
نرخی سێ دینارە
لە ڕێی سەنتەری ئاسیا هەولێر/ کوردستان –عێراق
TEL: 00442086347745 FAX: 00442086347747 FREE CALL: 0800697480